# شێرەبەفرینە

شیعر و ئۆپەرێتی منداڵان

**ڕەووف محەمەد ئالانی**



**چاپی یەکەم ٢٠٢٣**

## ناسینی کتێب


- **ناوی کتێب: شێرەبەفرینە**
- **جۆر: شیعر وئۆپەریێتی منداڵان**
- **نوسەر: ڕەووف محەمەد ئالانی**
- **تایپکردن و هەڵەچن: نوسەر**
- **دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئارام عوسمان**
- **تیراژ: (١٠٠٠) دانە**
- **ساڵی چاپکردن : ٢٠٢٣**
- **چاپخانە: چاپخانەی پاندا - سلێمانی**
- **نرخ: (٢٥٠٠) دینار**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٤١٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئاوات شێخ جەناب) وەزیری دارایی وئابوری، هاوکاری چاپکردنی ئەم بەرهەمەی کرد.

## پێشکەش بێت بە:

**١- منالّە چاوگەشە کانی کوردستان**

**٢- هەموو مامۆستاکانی سروود ومۆزیک، کەبوونە هەوێنی دڵخۆشی بۆ منالآنی کوردزمان**

**٣- ئەو دایک و باوکانەی هانی منالّەکانیان دەدەن بۆ خوێندنەوە**

**٤- ئەوشاعیرانەی بە شیعرەکانیان دڵی منالآنیان پڕکردوە لە یادگاری شیرین**

## ناوەڕۆکی کتێبەکە


| ناوی بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەش بێت | ٣ |
| زمانی دایک | ٦ |
| مارشی قوتابخانەی هەرەوەز | ٨ |
| پەپولەو گوڵ | ١٠ |
| باخچە | ١١ |
| ئاسمان | ١٢ |
| ڕیشۆڵە | ١٤ |
| پاساری | ١٥ |
| دایکم | ١٦ |
| هاوڕێ | ١٨ |
| من | ١٩ |
| قاز | ٢٠ |
| قوتابی ژیر | ٢١ |
| ژینگە | ٢٢ |
| پۆلەکەم | ٢٤ |
| کەو | ٢٥ |
| دەنگە جیاوازەکان | ٢٧ |
| وانەی کوردی | ٣٠ |

| | |
|---|---|
| سوێند بەئاڵا | ٣٢ |
| مناڵ و نەورۆز | ٣٣ |
| پێنوس | ٣٥ |
| بەفر | ٣٧ |
| شێرەبەفرینە | ٣٩ |
| مارشی خوێندنگەی شاناخسێ | ٤١ |
| بەشی ئۆپەرێت | ٤٤ |
| ئۆپەرێتی یادی شارێک | ٤٥ |
| ئۆپەرێتی یادی ڕۆژێکی مەزن | ٥٠ |
| ئۆپەرێتی ڕۆژی ئاڵا- ڕۆژی پەیمان و شکۆ | ٥٤ |
| ئۆپەرێتی نەورۆزو ژینگە | ٥٨ |
| ئۆپەرێتی جەژنی دایکان | ٦٦ |
| بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر | ٧٢ |

## زمانی دایک

**مامۆستا، وتەی بەرزە**

**هێمن، شیرین و تەرزە**

**پیت بەپیت فێرمان دەکا**

**بڕگە و وشە ڕێک دەخا**

**تا بنوسین، زۆرجوان**

**بخوێنینەوە، ڕەوان**

**زمانی من کوردییە**

**ڕوونە، خوا کردییە**

**پەندو هونەر، بەجوانی**

**پاراستونی و پەنهانی**

**مانەوەی ئەم زمانەن**

**هی کۆنن، دێرزەمانەن**

**هەموومان ڕێزی دەگرین**

**ڕێزوشکۆی ڕادەگرین**

**بۆ ناسنامەی ئەم گەلە**

**زمان ئاسۆی دەم کەلە**

**شانازی بکەن، کوردن**

**بەرهەمی بیری وردن**

**ئاوەدان بێ، کوردستان**

**نیشتمان دایکی هەمووان.**



## مارشی قوتابخانەی هەرەوەز[١]

**هەرەوەز**
**لانەی فێربوونەماڵی**
**زانینە**
**جێگەی پەروەردە، ڕێڕەوی**
**ژینە**
**لەگەڵ کازیوەی خۆری دەمبەیان**
**دەرگا والایە بۆ زانستی ژیان**
**هەرەوەز ناوی پیرۆزە لێرە**
**بە ئەو ئاوازە پەیام بنێرە**
**هەگبەی پڕخزمەت بۆ ئایندەیە**
**مناڵ باوکە، هەم سەرکردەیە**
**ژینگەی نیشتیمان جوان وڕەنگینە**

---


[١] *ئەم سروودە بۆتە مارشی قوتابخانەی هەرەوەزی بنەڕەتیپێزبوونی گۆڕەپان ولەهەمووبۆنەکاندا، لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەکەوە، دەوترێتەوە، مامۆستا جەبار عەلی ئاوازی بۆداناوا.

**بەرهەمی بیروکاری سەنگینە**
**مامۆستا ڕابەر، ئێمەش شوێنکەوتە**
**دوورین لەو ڕێیەی کەخواروچەوتە**
**دەروون پاراووهزرمان والاْ**
**چاولە ئایندە، خەونمان بالاْ**
**پەیمان بێ ئێمە لەم ماڵەجوانە**
**بڵندکەین ئالاْی ئەم کوردستانە**
**پەروەردەو ژینگە سەرمەشقی کارە**
**ئەوەی دڵسۆزە بەرهەمی دیارە.**



## پەپوولە و گوڵ

پەپولەیەکی ڕەنگین
ئارام و نەرم و سەنگین
لەسەر لقی ئەو گوڵە
بۆ ئازادی ئەو دڵە
بووبە میوانی باخێک
بۆدەربڕینی داخێک
گوڵ باوەشی کردەوە
خەمی لەبیربردەوە
لەوڕۆژەوە پەپولە
عاشقی باخ و گوڵە.



# باخچە

**ئێمە منداڵی باخچەین**
**وەکو گوڵی دەمخونچەین**
**پێدەکەنین بۆ ژیان**
**دەچڕین ئاوازی جوان**
**تا دڵمان گەش و خۆش بێ**
**خواردنی خۆشمان نۆش بێ**
**بەدەم زەردەخەنەوە**
**لێومان پڕبەخەندەوە**
**دڵی باوکمان و دایە**
**پڕبکەین لەو سەمایە**
**دڵخۆشی وا دەنوێنین**
**شادی بۆهەمووان دێنین.**



## جوانیەکانی ئاسمان

دایە، دایە، هۆ دایە
ئاسمان چیوچی تێدایە؟
ڕۆڵە ئاسمان بەشەوان
پڕە لە ئەستێرەی جوان
جگە لە مانگ شەوانە
چواردەو داس و کەوانە
واشێوەی خۆی دەگۆڕێ
بەڵام لەخۆی ناگۆڕێ
بەڕۆژیش لەکازیوە
تیشکەکانی وەک زیوە
زەوی وا دەنەخشێنێ
وەکو فەرش دەنوێنێ
ڕوناکی و گەرمی ئەوە
زەوی ڕازاوەو کەوە*

**لەزستانان و پایز**

**هەور، تووڕەیەو زیز**

**بەفرو باران دەبارێ**

**لافاو زەوی دەماڵێ**

**ئەمانە جوانی ژیانن**

**بەرهەمی ئاسمانن.**

**ـــ ـــ ـــ ـــ**

***کەوە بەمانی ڕەنگی شین دێت**



# ڕیشۆڵە

**من ڕیشۆڵەی باڵڕەشم**
**هاوڕێی، دڵسۆزە بەشم**
**خۆزگە ئێوەش وەکو من**
**نەتان ئەبوو هیچ دوژمن**
**دوور لە شەڕو ئازاردان**
**ئارامی کەن، دەرونتان**
**دەم بەخەندەو پێکەنین**
**دڵشادبن،  ئازاد بژین.**



# چۆلەکە پاساری

تۆ چۆلەکەی پاساری
وەک من خەریکی یاری
بەیانیان کاتێ هەستام
دەنگی خۆشت دێتە لام
ئاوازێکی نەرمو خۆش
دڵم پڕ دەکەی لەجۆش
زۆر جارانیش لەکۆڵان
دێیتە لام، بچکۆلەی جوان
تۆم خۆشەوێ هاوڕێکەم
یاری لەگەڵ تۆدەکەم



## دایکم

دایکم زۆر شیرینە لام
بێ ئەو هەمیشە تەنیام
بەیانی بۆ قوتابخانە
زۆر بەجوانی و ژیرانە
هەڵمدەستێنێ لەخەو
فریادڕەسە بۆمن، ئەو
نان و چایم دەداتێ
ووزەو هێزم دەداتێ
تا لەپۆلدا ووریا بم
گوێڕایەڵ و چالاک بم
کەهاتیشمەوە بۆماڵ
سڵاوی گەرم و ئەحواڵ
ئەپرسێ لە کاری خۆم
تا فێرببم و جوان بڕۆم

**پیشەی ڕۆژانەم وایە**
**دایکم پشت و پەنایە**
**یاخوا دایکە بمێنی**
**تۆبۆ من دنیا دێنی**
**خۆشەویستی و دڵسۆزیت**
**نەرم و نیان، پڕ سۆزێت**
**زۆر جوان فێرم دەکەی**
**داهاتووم ڕوناک دەکەی**
**بەهەشت لەژێر پێتایە**
**مرۆڤی گەورەی، دایە.**



## هاوڕێ

**دڵمان خۆشە ڕۆژانە**

**لەماڵ یان قوتابخانە**

**چەندین یاری خۆش**

**بەدڵێکی پڕ لەجۆش**

**دەیکەین و ئامادەین**

**هەرگیز لە ڕێزلانادەین**

**بەجوانی بێ ئازاردان**

**یاری ئەکەین هەموومان**

**بەباشی گوێ دەگرین**

**دەستی یەکتری دەگرین**

**بەڵێن بێ هاوڕێی باشبین**

**لەگەڵ یەکتری چاک بین.**



# من

من گوڵی بابەودایەم
ڕەنجیان بەفیڕۆ نایەم
گوێڕایەڵی مامۆستام
کاتێ لەپۆلا وەستام
بە وریایی ولەسەرخۆ
وەڵام ئەدەم، دێمە گۆ
ڕازی دڵی پیرۆزە
هەستی پڕلە سۆزە
منیش منالی جوانم
خونچە وگوڵی ئەوانم .



## قاز

**گەردنت بەرزو ملت درێژە**
**قیڕە قیڕەکەت، لەدووربیێژە**
**تۆ هاوڕێی منی زیتەڵەو وریای**
**ئێشکگری شەو، ڕۆژیش بەئاگای**
**کەس ناوێرێ بێتە پێشەوە**
**بەئازار، خۆی بیرئەچێتەوە**
**پەڕت تەڕ نابێ، حەزت لەئاوە**
**مەلە ئەکەی، لەم دەورو ناوە**
**قیڕەت نیشانەی ئاوەدانیە**
**خۆشترین جێت، حەوزوکانیە.**



## قوتابی ژیر

من لەگەڵ بابەودایە
کردەوەی باشم لایە
گوێڕایەڵم بۆ ئەوان
چی بڵێن بەسەرچاوان
لە قوتابخانەش ڕابەرە
مامۆستا، تاجی سەرە
بەجوانی لێی دەڕوانم
بە هەردوو چاوەکانم
واگوێی بۆی شل دەکەم
تا بە باشی تێی دەگەم
من پەروەردەم ئاوایە
دوارۆژم وەک چرایە.



## ژینگە

**ژینگەکەم ڕازاوەیە**
**خونچەی دەمکراوەیە**
**ماڵ، کۆڵان، قوتابخانە**
**ژینگەن، هەمووئەمانە**
**زۆر بەجوانی و بەپاکی**
**دوور لە ساردی و بێباکی**
**هەموویان جوان ڕادەگرم**
**خەم لەسەرسەر، دادەگرم**
**پاشماوەی ئاووخواردن**
**شوێن هەیە بۆ هەڵگرتن**
**دەیانخەمە شوێنی خۆی**
**هەرشتێکە، دەیبەم بۆی**

# من ئاوا پەروەردە بووم

**بەڕێگەی چەوتا نەچووم**
**خۆشم دەوێ ژینگەی جوان**
**نیشتمان، دایکی هەمووان.**



## پۆلەکەم

**پۆلەکەم ڕازاوەیە، بەگوڵی جوان**
**بەشیعرو وتە وپەندی پێشینان**
**ئێمە هەموومان گوڵی ناوپۆلین**
**وەک هێشووی ترێی، بۆڵ بۆڵین**
**هاوکاری یەکتر، ژینگە پارێزین**
**یەکترناشکێنین، یەک دەپارێزین**
**مامۆستا، تاجە لەسەر سەرمانە**
**وتەی بەنرخە، بەپێزو جوانە**
**ئەمساڵ تەواو بوو، دەرئەچین**
**هەموو بۆ پۆلی نوێ دەچین.**



## کەو

**باڵدارێکی جوان وخاڵدار**
**ڕۆیشتنی بە لەنجە و لار**
**دەنوک و قاچی سوورە**
**لەو شاخ و کێوە، دوورە**
**دەنگی خۆش و پڕ سۆزە**
**هاوڕێی گیانی و دڵسۆزە**
**دەقاسپێنێ لەسەر بەرد**
**دەنەخشێنێ شاخ و هەرد**
**هاوڕێی مرۆڤ و کانی**
**ئاوازی خۆش بەجوانی**
**خەمی دڵ دەداتەوە**
**تاسەی بیر، دەباتەوە**
**بانگی کەوی تر ئەکەی**
**لە دیلی ڕزگاری کەی**

**بەبرسێتی چاوی خۆی**
**ئەتکاتە نیشانەی خۆی**
**نەفرەت لەڕاوکەری تۆ**
**دەکێشێ گیانت بێ هۆ.**



## دەنگە جیاوازەکان

**چەهچەهەی بولبول**
**ڕەنگی جوانی گوڵ**
**قاسپەی کەوی کێو**
**خەندەی جوانی لێو**
**جریوە جریوی نەرم**
**پاساری  دڵی گەرم**
**گمەی کۆتر بەیانی**
**دڵ دەکا بەبریانی**
**گارە گاری نیوەڕۆ**
**مامر نابێ دەسخەڕۆ**
**بۆڕەی مانگا ئێوارە**
**مرخەی بێچوو دیارە**
**قاڕەی کار لەناومالاّن**

**لورەی گورگی بەرماڵان**
**خشپەی گەڵای وەریو**
**دەستی لەسەرما تەزیو**
**گرمەی هەوری بەهاران**
**لرفەی لافاوی هەردان**
**حیلەی ئەسپ لەدووردێ**
**بۆڕەی مانگاش بۆناودێ**
**هاژەی تاڤگەی شیرین**
**ئاوێکە بۆخۆشی ژین**
**کناچەی پۆڕی سەرچەم**
**ئەنەوێت لە ترسی خەم**
**لەولا واقەی، دێ لەدوور**
**چەقەڵ بۆ مامری سوور**
**ئەمانە هەموو جوانن**
**خۆشی و ئاوازی ژیانن.**



## وانەی کوردی

وانەی کوردی پڕهەستە
تام وچێژی بەرجەستە
لێی فێردەبین نوسین
خوێندنەوەو دەربڕین
مامۆستا بە زمانی خۆش
بەووریای و پڕلەجۆش
ناوی هەمووومان دێنێ
خەندە بۆ لێومان دێنێ
مامۆستای باش ئاوایە
دڵسۆزی لای بەهایە
زۆرباش فێرمان دەکات
پیت و بڕگە، ڕێک دەخات
چاوو دڵمان لایەتی

# سەرسەرمان جێگایەتی

وەک باوک و دایک وایە
بۆژین وێنەی چرایە
بژی مامۆستای کوردی
کەخاوەن بیری ووردی.



# سوێند بە ئاڵا

**سوێند بە ئاڵای نیشتمان**
**هــەمـــووبەرەو تێکۆشـــان**
**ئەمـــرین بـــۆ ئـــەم ئـــاڵایە**
**بـــۆمـــان چراو قـــەلایـــــە**
**بۆئەوەی سەربەست بژین**
**بـــۆدوژمنـــان هـــەر دژیـــن**
**بـــژی ئـــاڵای کـــوردستـــان**
**پـــایەداربـــێ نیـــشتـــمـــان.**



## منالْ و نەورۆز

ئێمەی منالْی بەسۆز
لەگەڵ مامۆستای دڵسۆز
یادی نەورۆزی وولاْت
دەکەین بەمەشقی خەبات
خەباتی ئێمە، خوێندنە
رۆژی نویٚ، سەرکەوتنە
وەرن ، وەرن، منالاْن
دەسکەین بەگەمەی سالاْن
دیلانیٚ، شارگرٍ،هەڵماقۆ
دەبین بە دەستەو گرۆ
ئەمرۆ، هەمووبە شادی
دەیکەین، گەردن ئازادی
هەمووسالْیٚ لە نەورۆز

**ئەم جەژنە دەکەین پیرۆز**

**گوێ ڕایەڵ، ژیروجوانین**

**نەوەی دواڕۆژی ژیانین**

**یاخوا پیرۆزبێ نەورۆز**

**جەژنی کوردی پڕلە سۆز**



## پێنوس

پێنوسەکەمان جوانی
ڕەش وشینی ئاسمانی
بەهێواشی و بەنەرمی
بەدڵی خۆش، بە گەرمی
چاو دەخەینە سەر پێنوس
نوسین، لە ناو تیانوس
وشەی جوان، بە کوردی
بەدڵی ساف، بێ گەردی
دەینوسین و ڕازاوە
وەکو خونچەی کراوە
هەموومان زۆرجوان
پشت و پەنا بە یەزدان
نوسین، جوان و تەواوە
فێربوون لەخەم ڕەخساوە

**نەخشەی جوانی کوردستان**
**ڕەنگین دەکەین هەموومان**
**وانەکە تەواو دەکەین**
**یاری گۆڕەپان دەکەین.**



## بەفر

**دایە بەفرزۆرجوانە**
**کلووی سپی و نیانە**
**بێگەردە وەکو مناڵ**
**دەبێتە میوانی ساڵ**
**چاوەڕێین و داباریێ**
**وەکو پار بێتە خواریێ**
**دنیا سپی پۆش  بکا**
**دڵی ئێمە خۆش بکا**
**شەڕە تۆپەڵیش دەکەین**
**دەست وپەنجە سڕدەکەین**
**تۆپەڵ دەگرینە یەکتر**
**نایکەین کڵاووچەتر**
**ئەمڕۆ ڕۆژێکی شادە**
**خەمی دڵمان بەبادە**

## بەخێربێی میوانی جوان

بێگەردی و پاکی یەزدان
بەفر خۆی نمایشکرد
دڵی هەمووانی خۆشکرد.



## شێرەبەفرینە

دایکە بەفرەو باریوە

زەوی سپی پۆشیوە

خۆشە لەم بەفرە یاری

شەکرە، هاتووە بەدیاری

تۆپەڵی جوان، نەرم و شل

دروست دەکەین پڕبەدڵ

تۆپەڵ لەیەکتر دەگرین

خۆمان لەبن داردەگرین

سەرمان سپی دەنوێنێ

تاڵی ڕەش دەنەخشێنێ

دەی وەرن لە ئەم شوێنە

بەرزەو جوانەو بێوێنە

گیاندارێک دروست بکەین

سەرو چاوو گوێی بکەین

**چەند ڕۆژێ هەردەمێنێ**
**ئەم ناوە دەنەخشێنێ**
**شێرە بەفرینەی ناوە**
**بەجوانی نەخشێنراوە**
**هەموومان سەما دەکەین**
**ساتی خۆش بەڕێ دەکەین**
**وێنەشی لەگەڵ دەگرین**
**یادگارەو هەڵیدەگرین.**



## مارشی خوێندگەی شاناخسێ[٢]

ئەی خوێندنگەی شاناخسێ
خۆری ئێمەی لێ هەڵدێ
ئێمەی منالْ بەسۆزین
بۆنیشتیمان دڵسۆزین
خوێندنگەکەمان خۆشە
شوێنی پەروەردوهۆشە
ئەی خوێندنگەی شاناخسێ
خۆری ئێمەی لێ هەڵدێ
مامۆستایان دڵسۆزن
بۆ ئێمە زۆر بەسۆزن
زانیاریمان فێرئەکەن
چرای ژینمان هەڵئەکەن
ئەڵێین بژی مامۆستا

---

[٢] ئەم سروودە، ساڵی (١٩٩٧) لەئاهەنگی نەورۆزلە قوتابخانەی شاناخسێ پێشکەش کراوە

هەرتۆی بۆژیان ئێستا
ئەی خوێندنگەی شاناخسێ
خۆری ئێمەی لێ هەڵدێ
ئاڵای وولات هەڵئەکەین
دوژمنانمان دەرئەکەین
خۆشی دێنین بۆ ووڵات
تاکو ئەگەین بەئاوات
ئەی خوێندنگەی شاناخسێ
خۆری ئێمەی لێ هەڵدێ
ئەوەی وولات پاریزە
لای کوردان زۆر بەڕێزە
نەورۆز دیاری بەهارە
پڕگوڵ و لالەزارە
نەورۆز ئاواتی کوردان
جێگەی شانازی هەمووان
ئەی خوێندنگەی شاناخسێ

**خۆری ئێمەی لێ هەڵدێ**
**پەیمان ئەدەین بەم گەلە**
**ئاسۆدەرچێ لەو کەکە**
**ئەی خوێندنگەی شاناخسێ**
**خۆری ئێمەی لێ هەڵدێ.**



# بەشی ئۆپەرێت

## ئۆپەرێتی یادی شارێك

+گۆڕەپانی قوتابخانە ڕازاوەتـەوە، قوتابیـان هـەموو لەشـوێنەکانی خۆیـان ڕیـز بـوون، جلـی کوردیـان لەبەرکردووە، قوتابیەکی کچ بەجلی کوردیەوە دێتـە ناو گۆڕەپان و بەدەم ڕۆیشتنەوە دەڵێت:

*خۆشەویستان ئەم کاتەتان باش

*قوتابیان: ژیانت باش

*قوتابیـەکیتر: بـۆچی بـەبێ پـرس هاتویتـە نـاو گۆڕەپان و هاوار ئەکەی؟

*قوتابیە کچەکە: دیارە بیرتان چووە، ئـەی دوێنـێ مامۆستا پێـی نـەوتین: ئـەمڕۆ ڕۆژی دروسـتکردنی شاری سلێمانیە، خۆتان ئامادە بکەن، بۆ ئاهەنگ؟

*چەند قوتابیەك لە شوێنی خۆیانـەوە: بـا مامۆسـتا وای وت

*قوتابیەکیتر: مامۆستاخۆی بۆچی دیارنیە؟

*قوتابیە کچەکە: ئەو بەئێمەی وت، خۆتـان ئامـادە بکەن، بزانم ئەتوانن چی ئامادە بکەن بۆئەم یادە؟ ئەویش تۆزێکی تر دەگاتە لامان.

*قوتابیەك: با هەموومان بەشداری بکەین، لەم ڕۆژە خۆشە

*قوتابیە کچەکە: سلێمانی لـە ١٤ی ١١ی ١٧٨٤ز لەسەردەستی ئیبراهیم پاشای بابان دروستکرا

*قوتابیەك: ئەمشارە بەشاری هەڵمەت و قوربـانی و شاری نوێبوونەوەو شاری ڕۆشنبیری ناسراوە

*قوتابیەکیتر: جـا کـە ئەمشـارە شـاری پیرەمێـردو بێکــەس و زێــوەرو دەیــانی تربێــت، چــۆن ئــەبێ یادەکەی بەرز ڕانەگرین؟

*قوتابیە کچەکە: تۆ ناوی ئەو پیاوەگەورانـەت هێنـا، هەرچەندە زۆریتریش هەن، با بە سرودەکانی ئــەوان ئاهەنگەکەمان بڕازێنینەوە

⁕( قوتابیەکانیش هەموو سرودەکان، دەڵێنەوە)
١- شاخی ڕەنگاو ڕەگــی گــۆیژە باعیســی کــەیف و سرور
هەردەمەو بەرگێ دەپۆشێ گا سپی، گا سەوزوسور
تاکۆتای............
٢- کەدەڵێن ئەمرۆِ دەشت و کێو شینە
چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە
وەرە سەر گردی یارە ببینە
لەجیهاندا گولێکی ڕەنگینە
تاکۆتایی...........
⁕قوتابیەك لەناو ڕیزەکە دێتەدەرەوەو دەڵێت:
(منیش بەشێك لە شیعرێکی شیخ ڕەزای تاڵەبانیتان پێشکەش دەکەم کە بۆسلێمانی نوسیوە)
⁕قوتابیە کچەکە: فەرموو وەرە
⁕قوتابیەکە لەسەر وەرەقــە شــیعرەکە دەخوێنێتــەوە( ئەگەر لەبەریشی بکات باشترە)

**لەبیرم دێ سولەیمانی کەدارولمولکی بابان بوو**
**نەمەحکومی عەجەم، نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**
**لەبەرقاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید**
**مەتافی کەعبە بۆئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو**
**لەبەرتابووری عەسکەرڕێ نەبووبۆ مەجلیسی پاشا**
**سەدای مۆزیقاو نەقارە تا ئەیوانی کەیوان بوو**
**دریخ بوو ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە**
**کەمەیدانی جریدبازی‌لەدەوری کانی ئاسکان بوو**
**بە زەربی حەملەیێ بەغدای تەسخیرکردوتێی هەڵدا**
**سولەیمانی زەمان،ڕاستت دەوێ‌باوکی سەلەیمان بوو**
**عەرەب ئینکاری ەزڵی ئێوە ناکەم،ئەفزەلن ئەمما**
**سەلاحەدین کەدنیای گرت لەزومرەی کوردی بابان بوو**

(کە تەواو ەبێت، هەموو قوتابیان بــە چەپڵــە دەســت خۆشی لێدەکەن)

*(دوای  ئەوە، ئەو سرودە بەدەنگی قادری ئەلیاسی لێدەدرێ وەك سرودەکانی تر).

*قوتابییەك: دەبا بەو بۆنەیەوە بیکەین بە هەڵپەڕکێ و خۆشی، دەی کوڕگەل  دەست بگرن

*(ئاهەنگی شادی  بە جلــو بــەرگی واڵای کــوردی گۆڕەپانەکە دەڕازێنێتەوە).



## ئۆپەرێتی یادی ڕۆژێکی مەزن

(گۆڕەپـانی قوتابخـانە ڕازێنـراوەتەوە، ئامـادەکراوە، قوتابیـــان ڕیزکـــراوون، زۆربەی قوتابیـــان ئـــاڵای کوردستانیان بە دەستەوەیە).

-دوو قوتابی بەرەو گۆڕەپانەکە دێن.

-قوتابی یەکەم : ئەزانی ئەمڕۆ زۆر ڕۆژێکی تایبەتە

-قوتابی دووەم: بۆچی تایبەتە، ئەمڕۆ چیە؟

-قوتـابی یەکەم: چـۆن چـیە؟ ئەمـڕۆ بـۆنەیەکی گەورەیە

-قوتابی دووەم: بۆنەی چی، ئەی بۆ من نەمزانیوە؟

-قوتابی یەکەم: ئەمڕۆ ڕۆژی ئاڵایە، قوتابخـانەکەی خۆشمان، خۆیان بۆ یادەکە ئامادەکردوە

-قوتـابی دووەم: دەبـا ئـێمەش بچـین بەشـداری بکەین، لەگەڵ هاوڕێکانمان

(هەردوو قوتابیەکە دێنە ناو گۆڕەپانەکە) دەڵێن:

-ڕۆژتان باش هاوڕیان

**-(هەموو قوتابیان): ژیانتان باش**

**-قوتابی یەکەم: ئاڵامان بدەنێ، ئاڵا**

**-قوتابی دووەم: ببورن هاوڕێیان ئێمە دوێنێ لەبەر بەشداریکردنمان لە چالاکی وەرزشی قوتابخانەکان، نەهاتبوینەوە بۆ قوتابخانە، بۆیە ئاگاداری ئەم یادە مەزنە نەبوین**

**-(دووئاڵایان دەدەنە دەست و ئەوانیش دێنە ناو قوتابیەکان)**

**-قوتابیەک لەناو ڕیزەکەی دێتەدەرەوەودەڵێ:**

**مامۆستایانی بەڕێز، قوتابیانی خۆشەویست، بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە، دڵخۆشی خۆمان دەردەبڕین و پیرۆزبایی لە هەمووتان دەکەین، لەگەڵمان بن ئاهەنگێکی خۆشمان بۆ ئامادەکردوون.**

**(کۆرسەکە دێنەپێشەوەو سروودەکە دەڵێن و ئەوانیش بە چەپڵە پێشوازیان لێدەکەن)**

## ( سرودەکە بەکۆرس دەڵێن)

ئەمڕۆڕۆژی ئاڵایە
کاڵا بەقەد باڵایە
ئاڵاکەمان چوارڕەنگە
هێماوئاوازودەنگە
سوروسپی زۆرجوانن
هێمای خەباتی ژیانن
زەردوسەوزیش پێکەوە
ڕۆژی نوێمان دێتەوە
هەمووومان بۆی دڵسۆزین
نەوەی نەتەوەو هۆزین
یاخوا هەرشەکاوەبێ
هەمیشە ڕازاوە بێ
ئاڵاکەمان خۆشەوێ
لەسەرمانەو نانەوێ
بژی کوردوکورستان

**نیشتمانمان، گوڵستان**
**یادی لەسەرچاوانە**
**قوربانی بۆئەوگیانە.**



## ڕۆژی ئاڵا، ڕۆژی پەیمان و شکۆ

گۆڕەپـــانی قوتابخانـــە ڕازاوەتـــەوە، قوتابیـــان لـــە شـــوێنەکانی خۆیـــان ڕاوەســـتاون، قوتابیـــەك دێتـــە بەردەم قوتابیان و بەدەنگێکی بەرز دەڵێت:

مامۆستایانی بەرێز و قوتابیانی خۆشەویست، ئـەمڕۆ بۆنەیەکی زۆر بەرزو پیرۆزە، کێ ئەزانێ چ ڕۆژێکە؟

- قوتابی یەکەم ، لە ریزەکەی دێتە دەرەوە و دەڵێ:

ڕۆژی پیرۆزی خاك و شکۆی گەلە

- قوتابی دووەم، دەڵێ:

ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوەیە

- قوتابی سێیەم، لە دواوە هاوار دەکات و دێتـە پێشەوە و دەڵێت:

ڕۆژی چاندنی بیری بەرزی نەتەوەییە

- قوتابی چوارەم، دەڵێت :

بیرتان نەچێ ، ئەمڕۆ ڕۆژی ئاڵای کوردستانە

*قوتــابی یەکــەم: پــەیامی مــەلیکی کوردســتان، دەدەین بە هەرچوار پارچەی نیشــتمان ، کــە ئــازارو ناخۆشیەکانمان بکەین بە خۆشی و ئارامی

*قوتــابی دووەم: پــەیامی کۆمارەکــەی مهابــاد و گۆڕەپانی چوارچرا، دەدەین بە جیهــان کــە مــردن و کوشتن، زیاتر سورمان دەکات لە خەبات و بەردەوام بوون.

*قوتابی سێیەم: پەیامی بــاکورو شــێخ ســەغیدی پیران، دەدەین بە دوژمنانمان، کــە لەســەر لوتکــەی شاخەکان ئاگری نــەورۆز پیــرۆز دەکــەین و چــرای ئومید ناکوژێنینەوە

*قوتابی چوارەم: پــەیامی قامیشــلۆو حەســەکەمان پێیەو دەبینە ئاگرو مانگ، شەوەزەنگ لەناو دەبەین و ژیان دەکەینە چراخان

(هەرچواریان کە ئاڵای کوردســتانیان بەدەســتەوەیە، لەیەکتر نزیك دەبنەوەو دەست دەخەنە نــاو دەســتی

یەکترو بەدەستەکەی تریان ئاڵاکە بـەرز دەکەنـەوەو دەڵێن):

(هەموومان بەیەکەوە، دەست لەناو دەست و پشت و پەنای یەکترین، کوردستان دەکەینە نیشتمانێك، کـە پڕبێت، لە خۆشی و ئـازادی و پێکـەنین و دڵنیـایی، هەموومان دەبینــە چقڵـی چـاوی دوژمنـان، دەبێـت، ئالاکەمان لە بەرزترین لوتکەی چیاکانی کوردسـتان بشەکێتەوە).

*کۆمەڵێك قوتابی بۆ کۆرس ڕیزکـراون، بـەرەو لای ئــەوان دەچــن، بــە چەپڵــەڕێزان پــێ شــوازییان لێدەکەن، لەگەڵیان دەوەستن و هەموو پێکەوە، ئـەم سروودە دەڵێن:

ئەمڕۆ ڕۆژی ئاڵایە، ڕۆژی شکۆیە
گەل، بۆناحەزان، وەکو پشکۆیە
ئەمڕۆ خەندە و بزەو هیوایە
دواڕۆژ ڕوناکە، وەکو چرایە

**هەموو پێکەوە، لەم نیشتمانە**
**زانست مەشخەڵە وهیمای ژیانە**
**بژی نەتەوەی کوردی دلێر**
**مەرد ی و ئازایی و بوێر**
**بۆتە ئامانجی ئەم گەلە**
**ئاسۆی دوارۆژ لەدەم کەلە**
**مژدەبێ ئاڵا دەشەکێتەوە**
**خەون وهیوامان دەژێنێتەوە.**



## ئۆپەرێتی نەورۆزو ژینگە

( قوتابیـــانی قوتابخـــانە لەگۆڕەپـــانی قوتابخـــانە ڕیزکراون)

* (چوار قوتابی، دوو لەلای ڕۆژهەڵات و دوو لە لای ڕۆژئاوا بەرەوگۆڕەپانەکە دێن)

* دوو قوتابیەکەی لای ڕۆژهەڵات، بە گۆرانی (وەرن قوربان، وەرن قوربان،

هەمووتـــانن ئـــارامی گیـــان)لە بەشـــی پێشـــەوەی بەردەم قوتابیەکان دەوستن و دەیڵێن.

*دوو قوتابیەکەی لای ڕۆژئاوا، ئەم سرودە ئەڵێن:

(کەدەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە

چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە)

لەلای ڕۆژئاوا لە بەردەم قوتابیەکان دەوەستن.

* قوتـــابی ژیـــنگە پـــارێز، لەنـــاو ڕیـــزەکە دێـــتە دەرەوەوهاواریـــان لێـــدەکات و ڕوو دەکـــاتە ئەوانەی

ڕۆژهەڵات و دەڵــێ:(ئەو گــۆرانی وتنەتــان لەچیــیە؟ دیارە شێت بوون.

(ڕوولەوانەی ڕۆژئاواش دەکات و دەڵــێ: ( ئەی ئێــوە بۆ وا هاواردەکەن و دەڵێن دەشت کێو شــینە، کێــوی چی و شینی چیتانە؟)

(بانگی هەرچواریان دەکات و دەڵــێ : ئــادەی وەرن، بــابزانین چـــی قەومـــاوە، وا خەریـــکە بـــۆنەکەی قوتابخانەمـــان لێتێـــک بـــدەن؟ هەریەکەو لەئــاوازێ دەخوێنێ، قەلەموونیش وادەکەن.

*یەکێک لەدووانەکەی ڕۆژهەڵات( تۆ شەرم نــاکەی بەئێمە ئەڵێی قەلەمون؟ ئەی خۆت چی؟)

*یەکێکی تر لە قوتابیەکــانی لای ڕۆژئــاوا، دەڵــێ: ( وازبێنن، کەی کاتەی ئەوەیە؟)

* قوتابیەکەی تــری ڕۆژهەڵات، دەڵێ:(بــابزانین ئەم هەمـــوو قوتـــابیە چـــی دەکەن لەم گۆڕەپـــانە وا ڕیزکراون؟)

قوتابی ژینگە پارێز:(قوتابخانەکەمان، لەیادی ڕۆژی ژینگەو جەژنی نەورۆز بۆنەیەکی ڕێکخستووەو خەریکی ئەو چالاکیانەین)من ئەمڕۆ لەلیژنەی ژینگەپارێزیم و سەرپەرشتی پاکوخاوێنی قوتابخانەکەمان دەکەم)

*قوتابیەکی تری لای ڕۆژهەڵات: جائێمەش هەر ئەرکمان پاراستنی ژینگەیە، دەکرێ هاوبەشی چالاکیەکانتان بکەین؟

*ژینگەپارێز: بۆ نا بەخۆشحاڵیەوە

*قوتابیەکی تری لای ڕۆژئاوا:باهەموومان هاوکاری ژینگەپارێزان بین، لەپێناوی جوانی شارو نیشتمانەکەمان

*هەرچواریان و ژینگە پارێزەکە، دێنە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە

*قوتابیەکی لای ڕۆژئاوا، دەڵێ: ئەی ئامادەکاریەکانتان چین وکوا لەکوێن؟

*ژینگە پارێز:دەست بۆ کۆرسەکە درێــژ دەکـات، کە لەتەنیشت ڕیزی قوتابیـان وەسـتاون ودەڵــێ:( ئەوە کۆرسەکەیە)

*قوتــابیەکی لای ڕۆژ هەڵات: دەی بــا هەڵــپەڕین و ئاهەنگ بگێڕین بۆ نەورۆزو ژینگە

*ژینگە پارێز: ناجارێ باسرود بڵێین، دوایی دەسـت دەکەین بە ئاهەنگگێڕان و هەڵپەڕکێ

*هەرپێنجیـــان دێـــنە پێشـــەوەو دەســـت دەخەنە سەردەستی یەکترو دەڵێن:

بەڵێ بۆ ئاوەدانی

بەڵێ بۆ کامەرانی

ئاهەنگ دەگێڕین ئەمڕۆ

هەموو ڕومان لەئاسۆ

*ژینگەپارێز:ڕوو دەکـاتە مامۆسـتایان و قوتابیـان و دەڵێ: خۆشەویسـتان سـڵاوتان لێبێـت، بۆنەکەمـان

دەکەینە دوو بۆنە بەبۆنەی نزێک بـوونەوەی نەورۆز، واتە ژینگەو نەورۆز

*هەموویان بەرەو لای کۆرسەکە دێن

کۆرسەکە ئەم سرودە دەڵێن:

ئێمە ژینگە پارێزین
شارودێ دەپارێزین
ئێمە پێکەوە هاتووین
پیاووژنی داهاتووین
نیشتمان دەکەین ئاوا
بەدڵ پەیمانمان داوە

* یەکێک لەقوتابیەکان: ئەمـان چـالاکی بـۆ ژیـنگە دەکەن، چۆن دەگونجێ نەورۆزیش تێکەڵ بکرێت؟

* ژینگە پارێز: با دوو بۆنەی نزیکن لەیەکەوە

*قوتابیەک: نەورۆز سەری ساڵی کوردیەو یەکەم ڕۆژی بەهارە، بەهاریش ژینگە جوان و ڕازاوەیە
*قوتابیەک ڕوو دەکاتە ژینگە پارێزو دەڵێ: چیتان ئامادە کردووە؟
*ژینگەپارێز: کۆرسی قوتابخانەکەمان، ساڵانە بۆ بۆنەکان، خۆیان ئامادە دەکەن، مامۆستای مۆزیک قوتابیانی ڕاهێناوە
*هەموویان دەڵێن: زۆر باشە بادەست پێبکەین
*قوتابیەک: دەی با دەست بکەین بەسرودوهەڵپەڕین و ئاهەنگ گێڕان
*هەرپێنجیان دەچنەوە لای کۆرسەکەو دەوەستن
*کۆرسەکە ئەم سرودە دەڵێن:

نەورۆز جەژنی کوردانە
ژینگەکەمان زۆر جوانە
خۆشی و ئاهەنگ دەگێڕین
پەیمان بۆ گەل دەنێرین

**نەورۆز ڕۆژێکی نوێیە**

**خاکەلێو مژدەی پێیە**

**گوڵ و گیا سەردەردێنن**

**جوانی نوێ دەنەخشێنن**

**خۆمان ڕازاندۆتەوە**

**نیشتمان نوێ بۆتەوە**

**بژی کوردوکوردستان**

**ڕۆیی سەرماکەی زستان**

***ژینگەپارێز: ڕوودەکاتە قوتابیەکان و دەڵێت: ئینجا کاتی خۆشی و ئاهەنگ گێڕان و هەڵپەڕینە، بەڵام دەبێ ئاگامان لە پاراستنی ژینگەی قوتابخانەکەمان بێت و دوایی هەمووی پاک بکەینەوە**

***هەرچوار قوتابیەکە دەڵێن: زۆر باشە وادەکەین**

***گۆرانی و هەڵپەڕین دەست پێدەکات.**



## ئۆپەرێتی جەژنی دایکان

شوێن، گۆڕەپانی خوێندنگەیە، چەند قوتابییەک لە گۆڕەپانەکەدان، وانەی وەرزشیان هەیە، ژنێک بابۆڵەیەکی پێچراوەی بەدەستەوەیە، منالێک لێی نزیک دەبێتەوە، ژنەکە، بانگی دەکات ودەڵێ: کوڕەکەم وەرە، ئەم بابۆڵەیەم هێناوە، بۆ ئاریانی کوڕم، بەیانی درەنگ خەبەری بۆوە و هات بۆ قوتابخانە، نانی نەخوارد، بۆم بانگبکە، منالەکە ئەڵێ: پوریَ ئاریان لەپۆلە، بیدەرەدەستم، بۆی ئەبەم بەسەرچاو، ژنەکە بابۆڵەکەی ئەداتەدەست منالەکە وئەڕوات.

(منالەکە بابۆڵەکە ئەبات بۆ پۆلەکەی ئاریان)

هەرلەگۆڕەپانەکە چەند قوتابییەک ئاگایان لە گفتوگۆی ژنەکەو منالەکە دەبێت، یەکێکیان دەڵێ: هاوڕێیان بزانن هەستی دایک چۆنە بەرامبەر منالەکەی؟

*قوتابی یەکەم: کوڕینە ئەزانن ئەمڕۆ ڕۆژی دایکە؟

*قوتابی دووەم: چۆن جەژنی سەری ساڵی کوردیشە واتە جەژنی نەورۆزە

*قوتابی سێیەم:ئەی بۆخۆمان بۆ هەردوو بۆنەکە ئاهەنگێک ڕێکنەخەین؟

*قوتابی چوارەم: مامۆستای مۆزیک خەریکی پڕۆڤەیە بۆ نەورۆزو ڕۆژی دایکان، دەبا بانگیان بکەین لەم گۆڕەپانە ئاهەنگەکە سازبکەین

* (لەلایەکی گۆڕەپانەکە چەند قوتابیەک دێنە ناوگۆڕەپانەکە، کەهەموویان جلی کوردیان لەبەرکردوە، لەبەردەمی قوتابیەکان ڕیزدەبن، هەرچوار قوتابیەکە لێیان نزیک دەبنەوە)

*قوتابی یەکەم: دیارە ئەمڕۆ ئاهەنگێکی خۆشمان بۆ سازدەکەن

*قوتابی چوارەم: من ئەمزانی خەریکی ئامادەکاری بوون

*قوتابی سێیەم: هەموو ساڵێ بۆ جەژنی نەورۆز ئاهەنگمان ئەنجامداوە، بۆ ئەمساڵ باتایبەت بکرێت بۆ ڕۆژی دایکان

*قوتابی دووەم: باشە بۆڕۆژی دایکان ئەمڕۆ تایبەت دەکەین، بۆنەورۆزیش ئاگرەکە ئەبەینە شاخی گۆیژە و لەوێ ئاهەنگێکی خۆش سازدەکەین.

*یەکێک لەقوتابیانی کۆرسەکە: ئێوە ئەتانەوێ یادی ڕۆژی دایکان بەرز ڕابگرین؟

*یەکێکی تر: ئێمە چەند ڕۆژە، خەریکی خۆئامادەکردنین، بۆ ئەو یادە مەزنە، سەیربکەن و گوێ بگرن

*چوارقوتابیەکە، سوپاسیان دەکەن ودەڵێن: سوپاس بۆ مامۆستای مۆزیک و ئێوەی خۆشەویست (هەرچواریان ئەچنە تەنیشت هاوڕێکانیان وەدەوەستن)

***کۆرســـەکە بەجــوانی دەوەســـتن و ئەم ســـرودە دەڵێنەوە**

**دایە، دایەی شیرینم**
**هەرتۆی ئاوازی ژینم**
**تۆبۆ من وەک فریشتەی**
**پەری ناو ئەم بەهەشتەی**
**خۆشمدەوێی دایە گیان**
**باشترین کەسی بۆمان**
**بەخێربێن هەموو ئێوە**
**واوەستاوین بەپێوە**
**بۆ یادی ڕۆژی دایک**
**خونچەوگوڵ بەچەپک**
**بۆتان دەیکەینە دیاری**
**ئێمەش بە خۆشیویاری**
**ئەمرۆژە پیرۆزدەکەین**
**خۆمان نمایش دەکەین**

## هۆهۆو چەپڵەڕێزانە

## جەژنە،جەژنی دایکانە

*قوتابیەکی کچ بەجلی ئاڵاوواڵای کوردیەوە، شیرینی لەناوقاپێکدا پێیە ودێتە ناوگۆڕەپانەکەوەودەڵێ:

میوانە بەڕێزەکان، قوتـابیە خۆشەویسـتەکان، دایـک مانای ژیان وخۆشی دێت، کەدایکان خۆشی ئێمەیان بوێت، ئێمەش دەبێ دڵیان خۆش بکەین، ئەمـڕۆژە، پیرۆزە لە هەمـوو دایکـانی جیهـان،پیرۆز دەکەیـن، ئێـوەش هەمیشـە لەخۆشـیابن، کە شـیرینیەکەمان خوارد، بە هەڵپەڕین و شادی هەموومان یـادی ڕۆژی دایکـان، پیرۆزتـر دەکەیـن، یـاخوا بەخێـربێن، سەرچاوانمان.

*قوتابیان لەگۆڕەپـانەکە دەسـتی یەکتـر دەگـرن و دەسـت دەکەن بەهەڵـپەڕین، بەم ئـاهەنگە ئۆپەرێتەکە، کۆتایی دێت.

شێرەبەفرینە.............................................. ڕەووف محەمەد ئالانی



## بەرهەمەچاپکراوەکانی نوسەر

1 - وشە ڕەنگاڵەییەکان

٢ - ئاوێزان بوونی سروشت و مێژوو

٣ - ڕوانین بۆ ئایندە

٤ - خواستی خەڵك لەزمانی قەڵەمەوە

٥ - ئەو فرمێسکانەی وشك ناکەن

٦ - سەمای بەفر

٧ - پەلکە زێڕینەی خەیاڵ

٨ - کوانووی هەناسە تەریوەکان

٩ - گەشتە مێژووییەکان

١٠ - ئامانجە باڵاکانی پەروەردە

١١- شێرەبەفرینە